# بەڵێ دکتۆر کەمال فڕێنراویشەو ڕفێنراویشە !
# وەڵامێک بە بەهەنگاو

**سەقاو**

برادەرێک بەناوی هەنگاوەوە ، دەڵێ ( ئەی هاوار دکتۆر کەمال نەفرینراوە، بەڵکو ڕفێنراوە.) منیش دەڵێم ، براگیان بەڕاستی کەوتوویتەتە هەڵەیەکی زۆر گەورەوە. جارێ پێش هەموو شتێ کورد زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی نییە، چونکە دەسەڵاتدارانی کورد لەو سەدان ملیۆن دۆلارەی کەڵەکەیان کردووە، ئامادەنین چەند سەد هەزار دۆلارێکی لێ بخەنە خزمەتی زمانی کوردییەوە . دواتریش تۆ کێی خۆت کردووە بەپۆلیسی زمانی ڕەنجەڕۆی کوردیی . زۆر نووسەرمان دیت بەزمانەوە دەنازیتن ، کەچیی ئێستا سەری دەسەڵات و دەسەڵاتداران دەقەبڵێنن .

بەکورتییەکەی بە ڕێزدار هەنگاو دەڵێم، فەرموو، دوو شارەزای زمان بەناوەکانی کاک تاهیر سادق و کاک فازڵ نیزامەدین بەم شێوەیە ، شرۆڤەی ڕفاندن و فڕاندن دەکەن.

تاهیر سادق ، لە پیتی (فێ)ی فەرهەنگەکەیدا بەناوی( فەرهەنگی هاوواتەکانی کوردی ) ساڵی 1998 ، لا 272 دا ، ( فڕانراو بەرامبەر فڕاندراو، ڕفانراو، ڕفاندراو دادەنێت ).هەمووشیان بەرامبەر خطف ی عەرەبی دێن.

فازڵ نیزامەدینیش لە لاپەڕە 371 ی کتێبەکەیدا بەناوی ئەستێرە گەشە ، ساڵی 1990 ، دەڵێ فڕاندان بەمانای ا ختطاف دێت . لەکۆتاییدا هیوادارم ڕێزدار هەنگاو کە پێ دەچێ فاوڵێکی گەورەی لەسەرکێشەی دکتۆر کەمال و دەسەڵات دابێت ، ئەم بارە خوارە بەم شێوەیە ڕاست ناکرێتەوە .
ناوەکەی منیش سەقاوە ، بەمانای شەقاویش دێت .
بەداوای لێبوردنەوە.